یەك مانشێتو حەوت تەعلیق

## سەرچاوەیەك کە نەیویست ناوی خۆی بڵێت

-یەکگرتوو-

+ حەز ئەکەی تەلاقتان بۆ بخۆم کە مەسەلەکە ئەسڵو ئەساسی نیە. نە سەرچاوە لەگۆڕێیەو نە ژێرچاوە. هەر خۆ بەخۆی خۆیان خەبەرەکە دروست ئەکەنو ئیلەللا و بڕایەوە.

-حەمید حزبی-

+طه بعەن نایەوێ ناوی خۆی بڵێ. مەعلوماتەکەی هی گونی ژووری ئیجتیماعەکەیەو خەتەریشە. ئیتر چۆن ناو بڵێ برا؟!

-خەلیل خوێنەر-

+ بە ڕەئی من مەسەلەکە ئیعتیادییە.. تەنانەت لە ئەوروپاشا هەر وایە. کوللی بلاوکراوەیەك سەرچاوەی تایبەتی خۆی هەیەو ناویشیان پارێزراوە. ئیتر بۆچی ئاوا سەیرم ئەکەن؟ یەعنی فشە ئەکەم؟!

-سەمیر سویدی-

+ بەقورعان ئەم کابرایە پەنگێکمان پێ ئەدات. کاکە گیان من نەم وت وا بنووسێ. نەم وت بنووسێ سەرچاوەیەك کە نەیویست نازانم چیو ئەمانە.. ئەیناسنەوە بابەگیان.. هەر هیچ مەنووسن.

-کابرای کۆمیتە-

+ من تێ ناگەم نازانم بۆچی حەز ناکات ناوی بزانرێ؟! لەچی ئەترسێ بابە؟! فەوزایەکە ئەوسەری دیار نەبێ.

-بەکر بێباك-

+وەللاهی کاکە گیان مەفرووزە حەقو حسابێك لەگەڵ ئەمانا بکرێ. نە حزب ماوە، نە ئەسرار ماوە نە تەرەماش ماوە. ئەمە چییە هەرچی هەڵئەسێو ئەبێ بە پەیامنێری ئیعلامی ئەهلی.

-تالەی تەنظیم-

+باشە ئەم مەملەکەتە خەبەری موهیمی لەکوێ بوو کە ئاوا شانو باڵی بۆ پەیا بکەن؟ ئەوپەڕەکەی ئەوپەڕەکەی ئینشیقاقەو ئەویش تەنانەت منالی سەر بێشکەش ئەیزانێ..

-ناصیحی ناوبازاڕ-

مەیموون لەمرۆڤەوە داکەوتووە -هەواڵەکان-




# فەرق لە مەعبێن

## ئەوسای خۆت

1. ئەگەر خولخولۆکەیەکت هەبووایە یاری پێ بکەیت پاشا بوویت
2. کە بتویستایە لە ماڵ نەیەیتە دەرێو سەعی بکەیت ئەچوویت سەرت پاك پاك ئەتاشی
3. لە چواردەساڵییا جوزئی دووەمی کتێبەکەی ماوتسی تۆنگت ئەخوێندەوە
4. لە دوای دەوامی مەکتەب ئەچوویت یارمەتی باوکت ئەدا
5. هاوینان ئەبوویت بە شاگرد
6. جەژناو جەژن جلیان بۆ ئەکریتو مەمنوونیش بوویت
7. بەیانیان لەگەڵ شیرەی مەلاژنا هەڵیان ئەسانیت بچیت نان بێنی
8. سێی متەوەسطە ت تەواو بکردایە هەزار وەزیفە دەستی ماچ ئەکردیت
9. ڕێی دوورت قەرەتۆغان بوو
10. ئەگەر لە پاسکیلت بزانیایە زۆر موهیم بوویت
11. خوا خوات بوو منالێکی بچکۆلەت دەستکەوێ نامەکەت تەسلیمی یار بکات
12. هیچیشت نەکردایە مامۆستا ڕۆژی چوار داری هەر لێ ئەدایت

## ئێستای کوڕەکەت

1. هەموو هەفتەیەك پەڵپی پلەی ستەیشنێکی تازەت لێ ئەگرێ
2. سەری پاك پاك ئەتاشێ بۆ ئەوەی بچێتە دەرێو کچان حەزی لێ بکەن
3. لە چواردە ساڵییا ناوی هەموو یاریکەرەکانی بەرازیلو فەرەنسای لەبەرە بە ئیحتیاتەکانیشەوە
4. لەدوای دەوامی مەکتەب فرتو هوری بەر سانەوی کچان دەست پێ ئەکات
5. هاوینان ئەچێتە دەورەی کۆمپیوتەرو تەقوییەوە
6. مانگی دەستێ جلی تازەی بۆ نەکریت لچ ئەکات
7. دە هەستە کوری خۆم وا یانزەو نیوە
8. جامیعەش تەواو کات سەرە گوریسێکی دەست ناکەوێ
9. هەر کە دیار نەما یان لە بەیروتە یان لە ئەستەموڵ
10. هەمبەڵەش بە وەنەوشە بکات هیچ نیە
11. منالو شتی بۆچییە؟ تا بەیانی چات چاتێن
12. هەرچییەك بکات مامۆستا ناوێری بڵێ لەل